# شێتخانه مەدەنیەکانی ژنان



**(ناخی ژنان وەکوو شوشە ناسکە وەکی پەڕی گوڵان تەنکە هەر درزەکی تێی بکەوێ تا دونیا هەیە چاک نابێتەوە و دەروونیان خوێنی لێهەڵدەچۆڕی)**

## نیگار نادر

**پرسی ژنی کورد ئێستا لە ترۆپکی بە کاڵابوون و بە بازاڕبوونێکی بێ هەژماردایە و چۆن لەپڕ کۆمپانیا بە رێژنە بە سەر کوردوستانێکی بێ ژێرخانی ئابووری دابارین و زەبرەکی تیژیان لەژیانی ئابوری وکۆمەڵایەتی خەڵکی بێدەرامەت سرەواند بەهەمان تەوژمیش ناوی ژن بەمانشێنت گەڕێنراو و رێکخراوو سەنتەرو دەزگا بەسەر ژیانی ژنی بێژێرخانی ئابوری و فیکری و خویندەواری داهەڵتۆقین و ژنی کورد بە ڕوو و نیگار و مێژوویەکی هەڵتەکێنراوو هەتکراو لە مێدیایەکانی دەوروبەرو دونیادا وەشێنرا.**
**ئەگەر بەتەنها لەسوچێک ڕاسەرنج باوێینە سەردیوێکی ژیانی ژنی کورد بێ لەو پۆلە ژنەپانتۆڵ لەپێ و تەنورەهەڵتریزاوو ئاڵووالاو ڕەنگێنراوانەی ڕووی مێدیایەیەکانیان داتەنیوە دەنا لەسەدا هەشتای ژنی کورد لە ناو هەڵاواردنێکی کەلتوری دا دەژین و لەگشتی بوونی هەموو ماف و ئەرکەکانیدا  لە هەموو بوارەکانی ژیانی دا دابڕێنراوە و وەلانەراوە.**

**ژنان لەبەر هەستیاری و ناسکی باری دەروونیان پتر لە پیاوان تووشی تێک چوونی باری دەروونی دەبن هەموو ڕووداوو کردارو دەنگ وپەیوەندیەک زۆر بەراستەوخۆیی و کاردەکاتە سەریان و دەیانهەژێنێ و کاریگەریەکانی لەسەر دەروونیان دەچەسپێنێ و بەجێدەهێڵێ.**

**ئەگەر سەرنجێکی چڕ باوێینە سەر بارودۆخی دەروونی ژنی کورد لەو قۆناخەی ئێستادا گەلەک بە ڕوونی ئەو تێکشکان و تێکچڕاژانە دەبینین کە بەدرێژایی سالأنێک لەشەڕو قڕکردن و شەڕی براکوژی دا بەسەری هاتووە و لەتەواوی کەناڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشەنبیری و ئابوری یەکاندا پەرتەوازەکراوەو ژیانی داشۆراوە لە ماف و خزمەتگوزاری تەندروستی و  پەروەردەیی و یاسایی،**
**حەتمەن لێرەدا مەبەستم لە تێکڕایی چین وتوێژەکانی ژنە لەهەر قوژبن و شارۆچکەو دێهاتێکی کوردوستانێ بەدەر لەو کۆمەڵە ژن و گرووپانەی لە چوارچێوەی باڵەخانەو شارو هۆڵەگەورەکاندا چالاکیەکانیان دەنوێنن و ژێرناوی ئافرەتی کورد داوایی کۆمەڵەمافێکی بەدروشم بوو دەکەن لەودەمەیدا کۆمەڵە ماف و خزمەتگوزاریەکی**

**بنەڕەتی هەن هەر فەرامۆشکراون بۆ نموونە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان..**



لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەو گۆرانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیە چڕانە بکەین کە پاش ساڵی دووهەزارو سێ هاتنە ئاراوە و ژیانی ژنانیشی هێنایە گۆڕینێ و ژنانێک کەوتنە خۆ یا دەستیان گیراو هێنرانە مەیدان و هەڵتۆقین و کرانە بەشێک لەو مۆدیلە مەدەنیەی ئەورۆ لەکوردوستان نەخشەی بۆ کێشراوە و بەجۆرەها شێواز رێکخراوو سەنتەریان بەسەردا دابەشکردن بەناوی مەدەنی ویەکسانی وچاودێری و ئازادی و چەندین ناوو نانیشانی تر هەتا لەهەرسێک پارێزگایی کوردوستاندا نزیکەی شەست وسێ رێکخراوو سەنتەرو دەزگا و دامەزراو بۆ داکۆکیکردن وپێشخستن و پارایزگاریکردن لەمافەکانی ژنان دامەزران بێ لەوەی هەندێکیان بە بەردەوامی و بە پێی تاوانی خۆیان کاردەکەن لێ هەندێکیان بازرگانی بە خوێن و ناوو سیمای ژنانەوە دەکەن.. هەموو خویندنەوەو شێوازی خەبات و دروشم و فێمینستیایەتیەکەیان بەبەراوەژوویی وەرگرتوەو بەهەرەمەکی هەرکەس لەبەرخۆوە کۆمەلە ژنێکی کردوونەتە کالا و دەخیلەکانی خۆی پێ پڕدەکا

بازرگانی کردن بە خوێن و ناوو سیمای ژنان گەیوەتە ئەو ئاستەو وەها بەبەر بڵاوی لەگەشدایە کە دەکرێ پێی بێژێ شێتخانە،شێتخانە مەدەنیەکانی ژنان زۆرن لێ ناوو باڵەخانەو ناونیشانەکانیان جیاوازن ئەگەر نا چۆن لەسێ پارێزگادا ژنان لەسەدا بیست و پێنجی پشکیان لە دەسەڵاتی سیاسی پێبڕاوەو شەست وشەش رێکخراو سەنتەری داکۆکیکەر لە مافی ژنان هەیە لێ تاکە بنکەو دامەزراوێکی تەندروستی دەروونی کە پێی دەڵێن( شێتخانەی ژنان) لە کوردوستان دانیە؟ کەسێک نیە بەبایەخەوە ئەو خەمە هەڵگرێ وکاری بۆ بکا! تا ئێستاش ئەو ژنە کیژانەی دووچاری تێکچوونی باری دەروونی دەبن و بەشێت ناوزەد دەکرێن لەناو ماڵ و ژێر زەمینەکاندا بە زنجیرو گوریس دەیانبەستنەوە تا پیر دەبن و ژیانی چەند ئافرەتێکی تر چ دایک و چ خوشکیان لەگەڵیان تێکدەچێ و دوچاری هەمان نەخۆشی دەبن و دەکەونە ژیانێکی پڕدەردەسەری و وێران،دەبێ هەمووددەمێ لەبیرن نەچێ وڵاتێک بەدرێژایی مێژوو مەیدانی جۆرەها شەڕی دەرەکی و ناوخۆ بووبێ و باج دەری گەورەیی ژنەکانی بووبن چۆن تێکڕایی ئەو ژنانە خودان تەندروستیەکی دەروونی ساغ و لەبارن؟
بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەر ئەو حاڵەتانە وەدەستم کەوتوون بەتەنها لە کۆمەڵەی بیرکۆڵانی کوردوستان لە شاری هەولێر تا ئێستا هەشت سەت800 حاڵەت ئەوها تۆمارکراوە هەڵبەتە بەبێ بوونی هیچ جێگایەک و بە موچەیەکی کەم و بەبی بوونی هیچ خزمەتگوزاریەک بێ لەو ژنە کەساسانەی دەستیان بەهیچ جێگایەک ڕانەگەیشتوەو لە کۆختەو ژێرخانی ماڵەکاندا دەتلێنەوە و هەندێکیان دەستریژیان دەکرێتەسەرو ئەشکەنجە دەدرێن جۆرەها پێشێلکاریان بەرامبەر دەکرێ! بێ لەجۆرەها حاڵەتی تری نەخۆشی دەروونی و

مێشک وگەلەک نەخۆشی دیکە، سەرەڕایی بوونی وەزارەتێک و چەندەها یاسای تایبەت لەبۆ بواری تەندرووستی،بەڕێ هەرچی بەسەرمان هاتووە تێپەڕی بەدەستی داگیرکەرانی کورد بوو لێ ئێستا دەبێ هەموومان بزانین تەندرووستی یەکە لەرەگەزە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و جێێ بایەخ پێدانی سەرەکیەیە بۆ هەر نەتەوەیەک، نەوەکوو بەتەنها هەر خەریکی داڕشتن و ڕازاندنەوەی یاسایی جوان بیین وەکوو دروشمگەلێک بۆ نموونە لە پرۆژەیی*

دەستوری کوردوستاندا لەدەروازەی دووەم ناو مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا بەسێ مادە بەلەباری ئاماژەیی پێکراوە:

ماددەی: 50

هەموو هاوڵاتییەک مافی چاودێریی تەندروستی هەیە، ودەبێ حکومەتی هەرێم شێوازی پارێزگاریکردن وچارەسەرکردنی دەستەبەربکات و بە گوێرەی تواناشی, مافی ئەو کەسانە دابین دەکات کە بە هۆی بارودۆخێکەوە کە لە دەستخۆیاندا نەبووە، سەرچاوەی بژێوییان لە دەستداوە و لە حاڵەتی نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیریەتی و بێوەژنی و بێوەمێردیدا .

ماددەی:51

یەکەم: حکومەتی هەرێم پابەندە بە بایەخدان بە تەندروستی گشتی، بە دروستکردنی نەخۆشخانەو دامەزراوە تەندروستیەکان و خانەی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ بەساڵاچوان، وشێوازی خۆ پاراستن و چارەسەرکردنیش دەستەبەر دەکات .

دووەم: تاکە کەس و دەزگا ئەهلییەکان دەتوانن نەخۆشخانەو خانەی چارەسەریی تایبەت دروست بکەن لەژێر چاودێری دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێم، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت .

ماددەی:52

یەکەم :کەمئەندام مافێکی رەسەنی خۆیەتی کە ڕێز لە مرۆڤایەتیی بگیرێت، هەروەها هەر چییەک هۆی کەمئەندامبوونی بێت و لەهەر ئاستێکدا بێت ، هەمان ئەو مافە بنەڕەتیانەی هاوڵاتیانی هاوتەمەنی خۆی هەیە، ومافی خۆیەتی ژیانێکی شایستە کە بەپێی توانا سروشتی بێت، بەسەر بەرێت .

دووەم: کەم ئەندام مافێ چارەسەرکردنی پزیشکی و دەروونی و فێربوون و دامەزراندن و سوود وەرگرتن لە ئەندامی دروستکراو وئامێری توانا بەخش و هەموو ئەو شتانەی هە بە تواناو لێهاتوویی دەدەن . بکاتەوە .



دەبێ ئەو دەق و پرۆژەو یاسایانە ببنە جێی سەرنجێ چونکە بە دیوێکدا هەر بەتەنها ئەو پڕۆژە دەستوریە نا بەڵکوو لە ناوەرۆکی گەلێک یاسا دا لەسەردرمی رژێمی بەعسیش دا زۆر بە شارەزایی ڕۆچوونەتە ناو هەموو لایەنێکی ژیان لێ نە کاریان پێ کراوەو دەکرێ نە هاووڵاتیانیش هۆشیار لێخەفتینیان هەیە نە هۆشیاری لێ

پێچینەوەییان بەتایبەتی ژنان، بە دیوەکی دیدا بەتەنها ئەو جۆرە یاساو پرۆژەو بۆ دروشمەکانی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی دادەرێژرێن.

لێرە ڕادەمێنین لەوەی لە ناوەڕاستی ئەو هەموو ژنە خۆ بە مەدەنی زانانە و
داهێنەری مافانەدا کە دوسێ ساڵە چەند ژنێک پلەی دادوەری و داواکاری گشتیان پێدراوە؟ لە ناو زیندانی هەموو شارو شارۆچکەو گوندەکان لە زۆربەی زۆری زیندانی هەر بنکەیەکی پۆلیس بەتەنها بۆ پیاوانە و ئەگەر هەر ژنێک بە تاوانێک بەند بکرێت جێگایەکی تایبەتی بۆ دیاری نەکراوە کە تێیدا بمێنێتەوە تاوەکو لێکۆلێنەوەی لەگەڵ دەکرێت و دەنێردرێتە دادگا ئەگەر هەشبێت ئەوە کۆختەکی بەدەر لە خزمەتگوزاریە، بێ لە بنکەی چاکسازی کۆمەڵایەتیانەی پاش حوکم دان دەنێرێنە ناوی وەکو زیندان، کەلەناو ئەوێشدا ڕووبەروی چەندین پێشێلکاری تر دێن کە لێرە مەودای لێکۆلینەوەی نیە،لەبۆیە ئەمن دەپرسم ئایا ئەوە مافێکی زۆر سەرەکی ژنان نیە؟ یا جارێ مافەکانی لەش رەها کردن و و پۆشینی بەرگی ڕووت پارە دەکەن!

دەبێ لەوان ژنە خۆدان مافانە بپرسین داخوا ژنە کڵۆڵەکانی ناو کەمپەکانی مەخموورو کاوە و ئوردوگایەکانی باریکەو شۆرش و ناحیەی رزگاری ژنی کورد نەبن و مرۆڤ نەبن! کە شتاقیان بەلایی هیچ لایەنێکی ژیانیاندا ناچن؟
یا ژیان و پەرەپێدانی خزمەت گوزاری و تەندرووستی دەروونی و جەستەییان گرنگ نیەو بابەتی رێکخراوە بیانیەکان نیە وەکو خەتەنەکردنی کیژان ببێتە مانشێت و پارەی لە حکوومەت و دەزگا ئەمەریکی و رێکخراوە بیانیەکان پێ بچنرێتەوە؟

هەروەها لەباوەشی ئەو هەموو ژنە مافگێرانەدا ڕۆژانە بە دەیان ژن و منداڵ لەناو سەرانگوێلکەکانی هەولێرو سلێمانی دا بەفەردە زبڵ کۆدەکەنەوە تا ژیانی خۆ و منداڵەکانیانی پێ بەرێوەبەرن و دووچاری لەشفرۆشی نەبن!
وەختێک وولاتێک جاڕی مەدەنیەت و دیمۆکراسیەت دەدا دەبێ بایی ئەوەندە ئاگاداری ژیانی ئابووری هاولاتیانی بێ بەتایبەت ژن و منداڵ ڕوو لەسەرگوێلکەکان نەکەن وەکوو دوا پەناگە! لەهەمان کاتیش دا چەندین ڕیکەووتنی نەوت فرۆشتن ئیمزادەکرێ و بانگهێشتی دەیان کۆمپانیا دەکرێ بۆ بازرگانی! کۆنگرەوە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنی کورد دەبەسترێ!

بێ لەو هەموو پێشێلکاریە ڕووحی و جەستەیی لە نەخۆشخانەکانی منداڵبوونێ لەکاتی منداڵبوونێ دا بەرامبەر ژنان دەکرێ و تا ئێستەش لە زۆر گووندان ژن لەدەمی منداڵ بوون دا دەمرن لەبەر نەبوونی نەخۆشخانەو نۆژداری تایبەت!
لێ پێدەچێ ئەو حاڵەتانەش بە ماف حسێب نەکرێن وخەتەرێک نەبن بۆ لەناو چوون و گیاندانی ژن! یا ئەو مۆدەی نیە و وەکوو لێخورێنی ئۆتۆمبێل و خودانە گۆڕینی ئەدگارو شێوەی لەش و دەمووچاوو گۆڕینی کەلوپەلی ماڵەکانیان!

لێرە جێی خۆیەتی بێژین شێواز و کەرەستەکانی ژن کوشتنێ چەندە زۆرن لێ ئەوانەی نەکراونەتە درووشمی گەورەو جێی بازرگانی یە نین چۆن فەرامۆش دەکرێن وگڵیان وەسەر دەدرێ! دەبێ ژنە مافگێرەکانی بزانن کوشتنی ژنان شێوازی گەلەک خەمهێنەری هەن و لەژێر ناوی جودا جودا دا پیادە دەکرێ.
سڵاوی گەرمێشم بۆ هەموو ئەو ژنە تێکۆشەرانەی لەپەراوێزی ئەو بازاڕە بە مۆدە کراوەدا بە خۆێنی خۆیان بۆ

ژیان دەجەنگن و هەڵدراونەتە ئاقاری شێتخانە مەدەنیەکانی ئەو سەردەمەی ژنی کورد، چاوی تێکڕایی ئەوژن وکیژانە ماچ دەکەم کە لەبەر بێکەسی و بێ خزمەتگوزاری تەندرووستی کۆمەڵگە بە شێتی ناوزەدکردوون و فڕێی داونەتە دەرەوەی ژیان و بەکەسەرەوە سەردەنێنەوە،دڵنیام ئەوان زۆر ئاقڵترو بە ویژدانترن لەوانەی بەناوی ئەوانەوە ماف بۆخۆ و کەسوکاریان دەستێنن وبازرگانی بەناوی ژنی کوردەوە دەکەن.

.....................................

*دەقی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردوستانە